د. فەوزیە عەتیە:
ژنانی عێراق شارەزاییان لەکاروباری پەرلەمان و ناوەندەکانی دەسەلاتو توانای باشیان نیە تا خزمەتی کێشەکەی خۆیان بکەن

چاوپێکەوتن: کامەران یاروەیس

پرۆفایل:

دەرچووی زانکۆی بەغدایە، بەشی کۆمەڵناسی. دکتۆرای هەیە لە زانستی کۆمەڵناسی لەزانکۆی موبیلەی فەرەنسا ١٩٦٨.

سەرۆکی بەشی کۆمەڵناسی بووە لە زانکۆی بەغدا لەساڵی ١٩٧٠ – ١٩٧٨ . لەبەر ئەوەی کەس وکاری لە ئۆیزسیۆن بوونە بەبریاری حکومەتی بەعس لەساڵی ١٩٩٤ خانەنشین کراوە. ئەندامی ریکخراوی (تجمع النسائی العراق المستقل)ە. ساڵی ٢٠٠٣ دوای رووخانی رژێمی بەعس گەڕاوەتەوە سەرکارەکەی خۆی لەزانکۆی بەغداو، خێزانی لەگەڵ حەمەد حاجی مەحمود بریکاری وەزارەتی دەرەوەی عێراق پێکەوەناوە٣ کچی هەیە.

دکتۆرە فەوزیە عەتیە کۆمەڵناسی عێراقی — فۆتۆ : ئایندەی گەرمیان

ئایندەی گەرمیان: زۆر لەبارەی کێشەکانی ژنانی عێراق وتراوەو نوسراوە، ئایا ئەتوانیت گرنگترین کێشەکانی ژنانی لەبەغداو خوارووی عێراق دیاری بکەیت ؟

دکتۆرە فەوزیە : لەحاڵی حازردا ژنانی عێراق گیرۆدەی چەندین کێشەی گەورەن لەهەموویان ئاڵۆزتر کێشەی توندوتیژیە بەهەموو شێوەکانیەوە. توندوتیژی جەستەیی یان دەروونی کەبەهەموو شێوەیەك بەرامبەریان دەکرێت. ژنان تیرۆر دەکرێن، دەفڕێنرێن، سووکایەتیان پێدەکرێت، لەش فرۆشیان پێ دەکرێت.

هەروەها لەزۆر لەپارێزگاکانی عێراق رێگریان لێدەکرێت و کۆسپ و تەگەرەیان بۆدادەنرێت، بۆنمونە لەهەندێ شوێن بۆی نیە ئۆتۆمبیل لێ بخورێت یان بەزۆر حیجابیان بەسەردا فەرزبکرێت ....هتد.

ئایندەی گەرمیان: هۆکاری ئەم کێشانە چین ؟ بۆچیاوازی هەیە لەناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی تر؟

دکتۆرە فەوزیە : بەرای من ئەم قۆناغە لە عێراقدا قۆناغی گواستنەوەیە، کۆمەڵگە بەگشتی ئەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەم قۆناغانانەی کەعێراق تێیدا تێپەردەبێت، بەمانای ئەوەی هەموو ئەو جەنگو شەڕانەی عێراق لەگەڵ ولاتانی دراوسێی وڵاتانی تردا لەگەڵ ئابلۆقەی ئابوری و شەری ناوخۆو ئەو ململانێی ئێستا هەیەو کۆمەڵگەی عێراقی خستوتە ژێر کاریگەری خۆی و تائێستاش کاریگەری خرایی هەیە لەسەر دواکەوتنی کۆمەڵگای عێراق بەگشتی و کارگیەری گەورەتری هەیە لەسەر ژنان بەتایبەتی.

ئایندەی گەرمیان: ئایا لایەنە ئیسلامیەکان بەهەردوولاوە (سنی – شیعە) دەوریان هەیە لەم کاریگەریە سلبیە ؟

دکتۆرە فەوزیە : ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو دەبینین ژنانی عێراق پێش هەموو ولاتانی ناوچەکە ریکخراویان هەبووە لەساڵی ١٩٢٤ دامەزراوە، لەژێرناوی (منظمة النهظة النسوية). هەروەها ژنانی عێراق پێش هەموو ژنانی تر پۆستی وەزارەتیان وەرگرتووە، و یەکەم وەزیری ژن لەعێراق ١٩٥٩ دەست بەکاربووە هەروەها لەبوارەکانی تری ژیان ژنی عێراقی یەکەم ژن بووە لەناوچەکە ببێتە قازی لەخانەکانی دادا خزمەت بکات ژنی عێراقی لەبواری زانستی و زانکۆو ئەدەب و هونەر ..... تاد خزمەتی باشیان کردووە. بەلام جەنگو ئابلۆقەو دیکتاتۆریەت تواناکانی مرۆڤی عێراقی دواخستووە ئابوری داروخاوەو هەژاری وبێکاری دروست کردوە، ئەمانە هەروەها هۆکاری سەرەکی بوونە بۆ بەلاووبوونەوەی نەخوێندەواری نەمانی هۆشیاری و رۆشنبیری و دواکەوتن لەکۆمەڵکا بەگشتی و ژنان بەتایبەتی.

ئەمڕۆ بەهۆی شەرو ئیرهاب و ململانێی ناوخۆو دابەشبوونی کۆمەڵگا عێراقی بەسەر چەند ئینتمایەکی جیاواز و لاوازبوونی ئینتیمابو بۆ نیشتمانی عێراق و دروستبوونی میلیشیات و کۆنترۆڵکردنی ناوچەکانی لەلایەن ئەوانەوە هۆکاری سەرەکی زۆر لەکێشەکانی کۆمەڵگای عێراقی و ژنانن بەتایبەتی.

ئایندەی گەرمیان: بەرێزتان وەکو کەسێکی شارەزاو نزیك لەرێکخراوەکان و ژنان رازین لەبوونی ژنان لەناوەندەکانی دەسەلات لەعێراقدا ؟

دکتۆرە فەوزیە : لەراستیدا سیستەمی هەڵبژاردن لەعێراقدا سیستەمی لیستی داخراو سیستەمی بەش بەش کردنی دەسەلات کاریگەری خراپی هەیە نەك هەر لەسەر ژنان بەڵکو لەسەر هەموو کۆمەڵگای عێراقی هەیە، ژنانی عێراق لەحاڵی حازردا زۆربەیان بەداخەوە شارەزاییان لەکاروباری پەرلەمان و ناوەندەکانی دەسەلات و توانای باشیان نیە بۆئەوەی خزمەتی کێشەکەی خۆیان بکەن، بۆیە پێویستە لەسەر ژنان کار بۆئەوە بکەن وئەوسیستەمە بگۆڕن و ژنی بەتوانا هەڵبژێرن نمونەی جوانی ژنانی عێراق پێش کەش بەهەموو جیهان بکەن.

ئایندەی گەرمیان: ئایا پەوەیوەندیتان هەیە لەگەڵ رێکخراوەکانی کوردستان ؟ ئایا پرۆژەی هاوبەشتان هەیە بۆ خزمەتکردن و سود وەرگرتن لەتواناکانی هەردوولا ؟

دکتۆرە فەوزیە : لەراستیدا رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەوری گرنگی هەیە لەپێشخستنی کۆمەڵگای عێراقی. بۆیە دەبێت هاوکاری یەکتربکەین، ئێمە چەندین جار سەردانی کوردستانمان کردووە بۆ گۆرینەوەی تواناکانمان ئاشکرایە رێکخراوەکانی ئێوە لەکوردستان چەندین ساڵە خزمەت دەکەن و سودیان وەرگرتووە لەو کرانەوە کەکراوە لەجیهان بەگشتی و وڵاتانی ئەورووپاو ئەمریکا بەتایبەتی، چەندین هەوڵدراوە بۆ دروست کردنی فیدراسیۆنی رێکخراوەکانی ژنان بۆنموونە من ئەندامم لە (تجمع النساء العراقي المستقل) کەبەرێز ((میسون دملوجی)) ئەندام پەرلەمان سەرۆکایەتی دەکات و نوێنەری ئەم رێکخراوەم لەتۆری ژنانی عێراق کە (١٠٠) رێکخراو لەخۆ دەگرێت، هەروەها ئەندامین لەهاوپەیمانی ژنانی عێراق کە ٤٠ رێکخراو لەخۆ دەگرێت، بەلام بەداخەوە بارودۆخی ئێستای عێراق کاریگەری خراپی هەیە لەسەر شێوەی کارکردنی هەندێك رێکخراو بۆیە چەندین کێشەمان بۆ دروست بووە بەهۆی بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی و تایفەگەری ، لەکەڵ ژنانی هەرێمی کوردستان پەوەندیمان زۆرباشەو سەردانی پەکترەدەکەین و بەشداری چالاکی و

قوربانییانی جیهانگیری..

وەرگێرانی: هێمن مەحمود - دەربەندیخان

(جۆزێف ستجلیتز) ی شارەزای ئەمریکی و خاوەنی خەڵاتی نۆبڵی ئابووری لە ساڵی ٢٠٠١دا ، دەزگا ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان بە دوو ڕوو وەسفدەکات و پێ ی وایە تا بێت دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەندتر و هەژارەکان هەژارتر دەکەن. لە کتێبەکەی خۆیدا(قوربانییانی جیهانگیری) دەڵێت (بۆ نمونە سندوقی نەختینەیی نێودەوڵەتی سیاسەتێك پەیڕەو دەکات کە ئایدۆلۆژیا و ئابوورییەکی گەندەڵ ئاراستەی دەکەن). پەرچە کرداری ئەوانەشی دژ بە جیهانگیرین بە جۆرێك لە هوشیاری لێکدەداتەوە، هەروەها دەڵێت (ئەمڕۆ هیچ کەسێك نابینی کە بەرگری لەم دووڕوویە بکات جگە لەوانەی کەوا ئیدیعا دەکەن کە هاوکاری وڵاتە تازەگەشەسەندوەکانن بۆ ئەوەی کە بازاڕەکانیان بخەنە سەر پشت لە بەرامبەر کاڵاکانی وڵاتە پیشەسازییە پێشکەوتوەکان کە هەر خودی ئەوان پارێزگاری لە بازاڕە تایبەتییەکانی خۆیان دەکەن، سروشتی ئەم جۆرە سیاسەتانەش وادەکات دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەندتر وهەژارەکانیش هەژارتربن).

ئاماژەش بۆ ئەوەدەکات کە وڵاتانی پیشەسازی ئابوورییەکانی خۆیان لەسەر پاراستن بنیاتناوە تاوەکو توانیویەتی بە هێزبێت و توانای ململانێی هەبێت، بەلام ئازادکردنی خێرای بازرگانی دەرئەنجامێکی خراپی دەبێت لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و ئابووریش چونکە مەترسی دەخاتە سەر فرسەتی کار وەکچۆن کەرتە پیشەسازی و کشتوکاڵییەکانیش لەوڵاتە تازەگەشە سەندووەکاندا تێکدەشکێنێ. هەر لەو کتێبەیدا نووسەر دەنوسێت(ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بە دڵنیاییەوە لەپێشەوەی گوناهباراندایە و ئەوکاتیش کە من سەرۆکی ئەنجومەنی راوێژکارانی ئابووری بووم زۆر بە توندی شەڕی ئەم دوو ڕوونییەمکردووە).

(ستجلیتز) وەك مامۆستایەکی زانکۆ لە کینیا لەنێوان ساڵانی ١٩٦٩ و١٩٧١ دا وانەبێژبووە ودواتر لە چەند زانکۆییەکی ئەمەریکیدا وانەی وتوەتەوە و ساڵی ١٩٩٣ وازی لە زانکۆ هێناوە و پەیوەندیکردوە بە ئەنجومەنی راوێژکارانی ئابووری کە سەر بەسەرۆکی پێشوی ئەمەریکی (بیل کیلنتۆن) بوە و دواتر لەساڵی ١٩٩٧ دەرواتە رێکخراوی بانکی نێودەوڵەتی وتاوەکو ساڵی ٢٠٠٠ وەك جێگری یەکەمی سەرۆکی ئەو رێکخراوە دەستبەکاردەبێت. ئەنجومەنی راوێژکارانی ئابووری لە ٣ شارەزا پێکدێت کە سەرۆکی ئەمەریکا بۆ راوێژی ئابووری دەزگاکانی دەسەلاتی تەنفیزی ئەمەریکی دایاندەمەزرێنێت،و (ستجلیتز)یش ئەندامی ئەو ئەنجومەنە بوە و دواتر دەبێتە سەرۆکی.

(جەلال ئەمین) کە مامۆستایەکی ئابوورییە لە زانکۆی ئەمەریکی لە قاهیرە لە پێشەکی ئەم کتێبەدا دەڵێت(ئەمە گرنگترین کتێبێکی ئابوورییە کە لەم ١٠ ساڵەی دوایدا بڵاوکراوەتەوە).

بە ئاماژەدان بەوەی کە نوسەری ئەم کتێبە کاتێك بەوەرگرتنی هەردوو پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی راوێژکاری سەرۆکی ئەمەریکی و گەورە ئابووریناسان لە بانکی نێودەوڵەتی رازیبووە بۆ ئەوەبوە کە ئاگاداری چۆنێتی

دارشتنی سیاسەتە ئابوورییەکان بێت، بەدڵنیایشەوە ئەوەی کە نوسەر بینیویەتی بە دڵی نەبووە. کارکردنی نوسەریش لە بانکی نێودەوڵەتیدا ئەو فرسەتەی بۆ دەستەبەرکرد کە سەردانی دەیەها وڵات بکات و هەزارەها لێپرسراو و شارەزا و مامۆستای زانکۆ و تێکۆشەر و خوێندکار و جوتیار لە نیپاڵ و هیمالایا و چین و بەنگلادیش و کۆریاوئەسیۆپیا ومەغریب ببینێت. دەڵێت(من مێژووم بینی کە خۆی بنیاتدەنێ) بەلام هەموو ئەزمونی خۆی لەوەدا کورتدەکاتەوە کە دەڵێت (لەوە دڵنیابووم کە بڕیارەکان زۆرینەیان لەسەر بنەمایەکی ئایدۆلۆژی وسیاسی دەدرێت، ئەو زانکۆییانەی (کە لەبانکی نێودەوڵەتیدا کاردەکەن)کاتێك کە رێنماییەکان دادەرێژن بارگاوی دەکەن بەسیاسەت و راستیەکان وەها دەخەنە روو کە لەگەڵ بیروبۆچونی لێپرسراواندا پێکبێتەوە).هەروەها ئاماژەش بۆ ئەوەدەکات بریاردان لە سندوقی نەختینەیی نێودەوڵەتی(پشت بە تێکەڵەیەکی سەیر دەبەستێت لەنێوان ئایدۆلۆژیا و ئابوورییەکی گەندەڵدا).

ئەمە جگە لەوەی ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی کە دەوڵەتە تازە پێگەشتوەکان کاتێك هاوکارییەکانی سندوقی یارمەتی وەردەگرن لە زۆر هەڵوێستی خراپدا حاڵەتەکانی چارەسەرکردن فەشەل دەهێنێت تاوەکو سەرکەوتن وەدەست بهێنێت.

هەروەها دەڵێت(سیاسەتەکانی سندوقی نەختینەیی نێودەوڵەتی کە ئامانج لێی هاوکاریکردنە بۆ روبەروبونەوەی تەنگژەکان و لە زۆر حاڵەتدا بوەتە هۆی برسیکردن و سەرلێشێوانی میللی، تەنانەت کاتێك کە ئەم سیاسەتانە لە چەند روداوێکدا سەرکەوتنێکی شەرمن بەدەستدێنێت ئەوا بەشی گەورەی ئەو دەستکەوتانە رۆشتوەتە گیرفانی دەوڵەمەندانی ئەو وڵاتانەوە).

ئەوەشی بۆ زیاددەکات کە جیهانگیری سێ دەزگای سەرەکی تەحەکومی پێودەکات کە ئەوانیش سندوقی نەختینەیی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتی و رێکخراوی بازرگانی جیهانییە، ئەمە جگە لە (سوپایەك) لەو دەزگایانەی دیکە کە رۆڵیان لە ئابووری نێودەوڵەتیدا هەیە و ئامانجیان لابردنی رێگرییەکانی بەردەم بازرگانی ئازادە و کاریگەرییەکی (کاولکارییانەی) بەسەر وڵاتە تازە گەشەسەندوەکانەوە هەیە بەتایبەت هەژارەکانی ئەم وڵاتانە.

هەر لەهەمان کتێبدا نوسەر دەنوسێت(مامەڵەکردنی سندوقی نەختینەیی و بانکی نێودەوڵەتی لەگەڵ بەرنامەکانی بەتایبەتیکردندا(خصخصە) لەوڵاتانی تازە پێگەشتو دەرئەنجامی (مامەڵەیەکی ئایدۆلۆژی بەر تەسکە) و ئاماژە دەکات بۆ ئەزمونێك کە خودی خۆی بینیویەتی ئەویش ئەوەبوە لە هەندێ لادێی هەژار نشینی مەغریبیدا رێکخراوێکی ئەهلی پشتگیری بەخێوکردنی مریشکی کردوە و ژنەکانی ئەو لادێیە لە کۆمپانیاییەکی حکومی(جوجەڵە)ی تەمەن ٧ ڕۆژیان وەرگرتوە، دواتر پرۆژەکە هەرەسدەهێنێت چونکە سندوقی نەختینەیی حکومەتی لەوە ئاگادارکردوتەوە کە نابێت رۆڵی لەدابەشکردنی (جوجەڵە)دا هەبێت و بیفرۆشێت.

دەنوسێت(بەم شێوەیە ئەو پیشەسازییە تازەیە کە دەبو بەهۆی گۆڕانی ژیانی ئەو جوتیارە هەژارانە لەناوبرا). هەروەها دەنوسێت(سندوقی نەختینەیی نێودەوڵەتی لەبەرگریکردنیدا لە ئازادکردنی بازاری سەرمایە پشت بەبیرۆکەیەکی ساویلکانە دەبەستێ،١,٢ ملیار کەس رۆژانە بە کەمتر لە دۆلارێك ژیان دەبەنە سەر،٢,٨ ملیار کەسیش بەکەمتر لە دوو دۆلار).

نوسەر لەکۆتایدا دەنوسێت (جیهانگیری مەترسییە بۆسەر دیموکراتیەت، بەشێوەیەك دیکتاتۆرە کۆنەکان دەگۆڕێت بە دیکتاتۆریەتی دارایی نێودەوڵەتی).

ئەم کتێبە چاپی یەکەمی بەزمانی ئینگلیزی ساڵی ٢٠٠٢ لەبەریتانیا بڵاوکراوەتەوە.

سەرچاوە/
سایتی ئیلاف

لەبیرەوەرییەوە

سامان کەریم ... دەینوسێت

کورد و عەرەب، تۆم و جێری..!!

لە زۆر شوێنی تردا من ئەو بیروڕایەی خۆمم وتوە و خستوەتە ڕوو کە ئەو پەیوەندییەی نێوان کورد و عەرەب بە سیناریۆکانی فلیم کارتۆنی بەناوبانگی (تۆم و جێری–مشك و پشیلەکە) دێتە پێش چاوان..

بێگومان تا ئێستا بە تێڕوانینی من و بەگوێرەی ڕووداوەکانی نێو لاپەڕەکانی دێرۆك، کورد (تۆم) و عەرەبیش ڕۆڵی (جێری بینیوە). خۆزگە ڕۆڵەکە پێچەوانە ئەبوەوە.

ئەوەتەی کورد لەگەڵ عەرەبدا هاوبەشە یان شەریکە بەشە یان هاوسێیە یان تێکەڵاویەتی، هەرگیز بایی سوتکە جگەرەیەك بەرژەوەندییەکانی پارێزراو نەبوە، دواڕۆژی ڕوون نەبوە، ئاسۆی تاریك بوە، وڵاتی ئارام نەبوە، تاکی ئازاد نەبوە، کۆمەڵگەی خۆشبەخت نەبوە و دەیان تەنگوچەڵەمەی تریش.. هەرکاتێك عەرەب بۆی لوا بێت و ساحەکەی بۆ تەخت بووبێت، دەستی پڕ شەڕانگێزی خۆی لە کورد وەشاندوە و تۆڵەی هەموو ئەرمی نواندنێکی درۆیینانەی پێشوەختی خۆی لێ سەندوەتەوە! کوردیش بەداخەوە بەپێی سروشتی خۆی کە رابردووی بیرئەچێتەوە، هەر جارێك ڕوداوی دەستبڕینی خۆی لەلایەن عەرەبەوە لەبیرکردوە و وەك ئەوەی نە بای دیبێت و نە باران، هەمیشە دەستی تەوقەی (دۆستایەتی!!) بۆ راکێشاوە، ئەوە گرفتەکەیە کە ئەوە دوای ئەوە دەرهاویشتە نەرێنییەکەی ئەچێژین.

بە خوێندنەوە و شیکردنەوەیەکی زانستیانە و وردی ڕوداوەکانی دیرۆکی سیاسیی کورد، ساویلکەیی یەکێك لەو گرفتە گەورانەی سایکۆلۆژیای تاکی کوردە کە بەداخەوە لە سەرکردەکانی زۆربەی قۆناغەکانی خەباتی ئەم نەتەوەیەدا هەست پێ ئەکرێت، هەر لە مادەکانەوە وەرە بۆ میتانی و لۆلۆیی و دواتریش کوردی سەردەمی ئیسلام و پاشتریش شۆڕشەکانی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری و شێخ مەحمود و سمایل خان و مەلا مستەفای بارزانی و تا دەگاتە ئێستای سەرکردەکانی کورد، بەداخەوە لەو خەوشە ڕزگاریان نەبوە..

وەرە مێژوو بخوێنەرەوە بزانە هەموو ئەو سەرکردانە کە شۆڕشەکانیان سەری نەگرتوە، چەندی ئۆباڵەکەی یان بەشێکی هۆکارەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ خۆشباوەڕی و ساویلکەیی! ئەوە، تاڵە لە مێژوودا بەڵام حەقیقەتە.

دوور ناکەومەوە لە ناوەڕۆکی قسە، ئەپرسم: کوا سەرکردەکانی ئێمە توانیویانە خاوەنی ئەجێندایەکی سیاسی پتەو لەهەمانکاتدا شەفاف بن؟ کوا سەرکردەکانی کورد توانیویانە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هاوسێیەکانیان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش بێت؟ کە ئەو تۆومان نەچاندوە، چاوەڕێی دوورینەوەی چی بکەین لە پەیوەندییەکانمان؟!

پاش ٢٠٠٣ لەم بەشەی کوردستاندا، کورد بە ئاسانی ئەیتوانی سنوری خۆی بە بێ خستنە ناو گەمەی (ڕیفراندۆم!)ەوە دیاری بکات. دەمڕاست و سەرکردەکانی ئەم گەلە ئەیانتوانی لەگەڵ عەرەبدا بیبڕنەوە و بەمەرجی دیاریکردنی سنور و وەدەستهێنانی خاکی کوردستان نەبێت، ئامادەی هەڵگرتنی نازناوی (فەخامەت) نەبن! خۆ ئەتوانرا ئەمجارە ئێمە ببینە (جێری) و پلان بۆ (تۆم) دابنێین، ئەی بۆ نەکرا؟!

مێژووی عەرەب، بە تاك و کۆمەڵگەیانەوە، مێژوویەکی دڵخۆشکەر نییە بۆ کورد و سیاسەتەکانیشیان هیچ گرەنتییەکی تیا نەبوە بۆ ئێمە. پێنج ساڵە لەم عێراقەدا بە ماددەی گوایا دەستوری و بە فرت و فێڵی تر دەستی دەستیمان پێ ئەکەن و (کەرکوك)ی خۆمان پێ ڕەوا نابیننەوە، کەچی سەرکردەکانی ئێمە هەر بەدڵسافی و خۆشباوەڕی خۆیان لێیان ڕوانی و پشتی پەردەیان نەخوێندەوە، هەتا گەیشتە ئێستا، کە ئەوەی من ئەیخوێنمەوە، هەتا نەوەمان مابێت چاومان بە کەرکوك ناکەوێتەوە، مەگەر بە دووربینەکەی (تاریق عەزیز!)..